لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی نەودەوڵەتی نیگەرانی خۆی دەربڕی لەبارەی کوردستان

لە ڕاپۆرتێکیدا، لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی نەودەوڵەتی نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس ئومێد بەروشکی و لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕایگەیاند، ""دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس ئومێد بەروشکی لە ماڵەکەی خۆی لە هەرێمی کوردستان زۆر مەترسیدارە".

هاتووەش، "دەسەڵاتداران دەبێت دەستبەجێ چارەنوسی ئاشکرا بکەن و پێویستە هەمەتی تێقاندن لە دژی ڕۆژنامەگەری ڕابگرن و ڕێگە بە هەموو ڕۆژنامەنووسان بدەن بە ئازادی کار بکەن".

لەلایەکی ترەوە لیژنەکە نیگەرانی دەربڕی لەبارەی دادگایکردنی ڕۆژنامەنووس شەروان شەروانی و ڕایگەیاند، "پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان هەموو تەمەتەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووس شەروان شەروانی هەڵبوەشێننەوە و دەستبەجێ ئازادی بکەن".

شەریف مەنسور، ڕێکخەری بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە لیژنەکەدا وتی، "لەگەڵ دوایین بەیاری درێژکردنەوەی ماوەی زیندانیکردنەکەی بە چوار ساڵ، دەسەڵاتدارانی کوردستان سووربوونی خۆیان نیشان دەدەن بە ئەوەی بە جیهان بڵێن دەکرێت چەند دەندێن دژی ڕۆژنامەوانان".